# هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت بەدواداچون پشهاتەکانی ڕوداوەکە مەترسیدارەکانی وڵات دەکات

هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت ئەمڕۆ یەکشەممە کۆبونەوەیەکی بەپەلەی لەسەر بانگهێشتی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیران و بە ئامادەبونی سەرۆك کۆمار ئەنجامدا، بەمەبەستی بەدواداچون پشهاتەکانی ڕوداوەکە مەترسیدارەکانی وڵات و لەنۆیشیاندا بڕدومانەکەی یەکشەمەی رابردوی ئەمریکا بەسەر ژمارەیەك لە پگەکانی حەشدی شەعبی.

هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت لەڕاگەیەندراوەکدا دوای کۆبونەوەکەی باویکردەوە، هاوپەیمانیەکە سەرکۆنەی توندی خۆی بە دەستدرێژییەکانی ئەمریکا دەربڕی کە لە شەوی 3/2ی (شوباتی/2)ی 2024 ژمارەیەك لە پگەکانی حەشدی شەعبی کردە ئامانج، لە ئەنجامدا شەهیدبون و بریندار بونی دەیان ئەندام و هاوڵاتی مەدەنی لێکەوتەوە، لەکاتێکدا ئەوە هەرشەکی جددییە بە سەر دامەزراوەیەکی ئەمنیی فەرمی عێراق.

هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت، ڕگەپێدانی خۆی بە حکومەت نوێکردەوە و پاپشتیشی بە گفتوگۆکان لەگەڵ هاوپەیمانی نۆدەوڵەتی دەربڕی، بەمەبەستی کۆتاییهێنان ئامادەبونیان لە ڕگەی لێکتگەیشتن و دیالۆگەوە، هەروەها دڵنیابون لە بنیاتنانی پەیوەندییە

دوقۆییەکان لەنێوان عێراق و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا، کە لە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان عێراق و ئەمریکادا پشتڕاستکرایەوە.

ئیدارەی دەوڵەت جەختیشی لەسەر ڕەتکردنەوەی هەمو جۆرە هێرشێك کردەوە کە بنکە سەربازییەکانی عێراق بکاتە ئامانج، هەروەها بە ئامانجگرتنی ڕاوێژکارە سەربازییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کە لە چوارچێوەی ئەرکی ڕاوێژکاری و مەشقی تایبەتدا کاردەکەن ڕەتکردەوە.

هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت ئەوەشیخستەڕو، پاڵپشتی حکومەت دەکەن لە ڕێگەنەدان بە هیچ لایەنێك بۆئەوەی عێراق رابکێشتە ناو گێڕەپانی ململانێ کە ناوچەکە بەخێیەوە دەیبنێت، دەبێت بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی عێراق بخرێتە سەروی هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە، هەروەها بەرپرسیارێتی هەمو لایەك دێنیا بونە لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵاتدا، کە بە قوربانیدانی گەورە لەلایەن گەلەکەمان و هێزە چەکدارەکانمانەوە بەهەمو پێکهاتەکانیەوە بەدەست هاتوە.